کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-2-2007 0:37 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بۆ جەنابی کاک کۆسرەت هەر بستەخاکێکی کوردستان هەولێرە. . . . هاوڕێ سماقوڵی

وەڵامێکی کورت.




لەبەرواری 2007/2/8 لە سایتی کوردستان پۆست نوسینێکم بەرچاو کەوت سەبارەت بە جەنابی کاک کۆسرەت نوسراوە. بە ناوی (کاک کۆسرەت چی دەکات لە سلێمانی) بە داخەوە ناوبراو ناوی خۆی نە نوسیوە ئەگەر هەر بۆچونێکی سیاسیشی هەبێت یاخود سەر بە هەر لایەنێکی سیاسیش بێت بەناوی پێشمەرگەیەکی دێرینی مەڵبەندی سێ ئەم نوسینەی بلاو کردۆتەوە. . . . .

بەرێزم نازانم جەنابت ناوت چی یە چونکە نوسینەکانت ئەوە نیشان دەدات تۆ پێشمەرگەی مەڵبەندی 3 سێ نیت و تەنانەت (ی. ن. ک) یش نیت چونکە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کەسی وای پەروەردە نەکردوە کە ترسنۆک بێت و نەتوانێ ناوی خۆی ئاشکرا بکات. ئەو جا نەخاسمە پێشمەرگەی دێرینیش بێت.

بەرێزم تۆ لەسەرەتای نوسینەکەت ئاماژەت بەوە کردوە (ئەم مەنجەڵە سەر قاپی خۆی نیە) تێ ناگەم مەبەستت چیە.

ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە کاک کۆسرەت جێگری سکرتێری گشتی (ی. ن. ک) یان جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە یان یان مەبەستت جێگری فەرماندەی گشتی هەرێمی کوردستانە. بە بروای ئێمە هەمووی لە جێی خۆیەتی وشایستەی بەرێزیەتی چونکە ئەگەر تۆ خۆت بە پ. م دێرین بزانیت و دەزانیت کاک کۆسرەت چۆن خەباتی دەست پێ کردووە بۆ ماوەیەکی کورتیش لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا توانی بیسەلمێنێت و چۆک بە دوژمندا دابدات و جێگای خۆی لە ناو دڵ و دەرونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بکاتەوە و پیشانی دۆست و دوژمنی بدات کە ئەم بەرێزە توانای رابەرایەتی نەتەوەکەی خۆی هەیە. بەرێزم تۆ هەر سەرەتا بە رەخنەی قێزەون دوور لە رەوشتی نوسین دەستت پێ کردوە لە نوسینەکەتدا هەموو شتەکانت تێکەڵ کردوە. کرمی گەندەڵی لە دەرونی ئەو کەسانە دایە کە توانایی کار کردنیان نیە و لە کاروانی خەباتدا بە جێماون. من ساڵی 1984 جەنابی کاک کۆسرەتم وەک بەرپرسی مەڵبەندی چواری ئەو کات ناسی کە بارەگایەکەیان هاتە دۆڵی سماقوڵی و بارەگاوماڵەکەی خۆی لە گوندی سماقوڵی سەروچاو بو. کە بەرێزیشیان پەیوەندی بە شۆرشەوە کرد وەک کادیرێکی مەیدانی هاتە پێشەوە و توانای فەرماندەی پێوە دیار بوو لە روی ئیدارێشەوە توانایەکی لە رادە بەدەری هەبو وە فەرماندەیەکی بە قابلیەت بوو. دوژمن حیسابی وردی بۆ چالاکیەکانی سنوری مەڵبەندی ئەو بەرێزە دەکرد. تەنانەت لەسەردەمی شاخیش جەنابی کاک کۆسرەت یارمەتی خەڵکی هەژارو ماڵە پێشمەرگەو تەنانەت ئەوانەی یەکێتیش نەبون یارمەتی هەموانی دەدا. باشە کەسێک کە لەو کاتانەی وەک پێویست داهاتی لەبەردەست دا نەبێت بەم شێوەیە بیربکاتەوە یارمەتی خەڵک بدات. ئەی کە ئێستا خاوەن دەسەڵات و داهاتی لە بەر دەست دابێت ئەبێت سەدا نەوەتی گۆرانی بەسەردا بێت و یارمەتی خەڵک بدات. چونکە بە هەزاران رۆڵەی کورد لە پێناوی سەرفرازی کوردستان گیانی خۆیان کردە قوربانی گەل و وڵات. ئەم بەرێزەش بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت کە یارمەتی کەس و کاری سەر بەرزی شەهیدان بدات چونکە خوێنی گەشی ئەوان بوو ئەم رۆژەیان بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گەلەکەمان مسۆوگەر کرد. بەڕێزم بەراستی بەزەیم بە بیرکردنەوەکانت دا دێت (ی.ن.ک) ئەگەر چی کەم و کوریشی هەبێت و هەندێک کەسیش یەکێتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار بێنن. بەڵام یەکێتی لەو پەری بەهێزیدایە چونکە یەکێتی خاوەن هێزێکی ئەو تۆیە کە بێ وێنەیە. یەکێتیەکی خاوەن چەند مەڵبەندی ئێستا 36 مەڵبەندی هەیە. یەکێتی رەگ و ریشەی خۆی لە ناو جەماوەرەکەی وا داکوتاوە ناحەزانی سەرسام کردوەو دۆستەکانیشی خۆشحاڵ کردوە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هیچ کاتێک خۆی لە گەلەکەی دانەبراندوە چونکە هەڵقوڵاوی ناو جەماوەرەکەی خۆیەتی و خۆشی بە خزمەت کارو شوانی ئەم گەلە زانیوە. بە بۆچونی بەرێزت وا دازانی ئێمە لە شاخین و ئێستاش دەتەوێت کێشەکان لەگەڵ پارتی بە شەر یەک لایان بکەینەوە.

بەرێزم تۆ زۆر بیر تەسکانە بیر دەکەیتەوە ئێمە وەک (ی. ن. ک) چەند پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەمولایەنەکان بە پارتیشەوە باش کەین مەرجن بۆ سەرکەوتنمان لە داهاتوودا. چونکە هیچ کێشەیەک بە ململانێی ناشەریفانە چارەسەر ناکرێت بە تایبەتی کێشەی نەتەوەیەک ئێمە وەکو کورد خۆمان دوژمنمان زۆرە ئەگەر یەکگرتوو نەبین ئەوەی هەشمانە لەدەستی دەدەین.

دیارە تۆزۆر دڵ توندیت لەو قوتبەی کاک کۆسرەت ئەم بەرێزە مرۆڤێکی زۆرسادەیە نە کورە ئاغایە و نە کورە شێخە و نە کورە سەرۆک عەشیرەتە. کورە جوتیارێکی ئەم گەلە داماوەیە ئێستاش چون بۆ لای ئەم بەرێزە زۆر ئاساییە تەنانەت رەخنەشی لێ بگریت ئەگەر مەنتق بێت زۆر کەیفیشی پێ دێت. بەڵام نەک تۆ هەندێک ناو ناتۆرەی بخەیە پاڵ کە ئەسڵ و ئەساسی نەبێت. چونکە هەمیشە وتەکانی ئەم بەرێزە چ لە لایەنی حکومەتەوە یەکخستنی ماڵی کورد بوە بە هەموو رەنگەکانیەوە و بە هێز کردنی حکومەتی کوردستانەو گەشە پێدانی ژێر خانی ئابوری وڵاتە وە لاینی یەکێتیانەش گەشەپێدانی رێکخستنەکانەو تۆکمە کردنی ریزەکانی ناو (ی.ن.ک) هەر وەکو وتەکانی بەرێز مام جەلال کە دەڵێت مانەوەمان گەشەکردنمان بەندە بە (ی.ن.ک) وە. بەرێز تۆ زۆر خۆت بە مۆدێرن دەزانیت و دەشتەوێ لە ناو یەکێتی دایم کێشە و گرفت هەبێت هەمو کات هەر لەسەر دەمی شاخەوە تاوە کوو ئەمرۆ تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی بە کاک کۆسرەتیشەوە بەرێز مام جەلالیان هەر بە سکرتێرو مامی گەورە زانیوە و هەر بە سکرتێری گشتیشی دەزانن. چونکە ئەو بیرۆکەی کە کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت و کاک عمر سید علی بۆ سکرتێری گشتی. جەنابی مام جەلالیش لەگەڵ چاک سازی و چارە سەرکردنی گرفتەکاندا بوو هیچ رێکخراوێکیش بێ کێشە نیە رێکخراوی سەرکەوتو ئەو رێکخراوەیە کە هەست بە کەم و کوریەکان بکات و لە هەوڵی چارە سەر کردنیاندا بێت. بۆیە من لە داهاتوو دا ئاسۆیەکی گەش و روناک بۆ نەتەوەکەمان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبینم با ناحەزانیش لە داخا پێخەی خۆیان دادرن.....................

سوید
2007/2/11

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.